عەباس جەمیل جێماو/

# مادەی 23و بەرژەوەندییە حیزبییەکان

لای زۆرێك ئەو وەزعەی ئێستای کەرکوك بە ئازادی ناو دەبرێت، ئازادییەك بەپێوەردی رووخانی رژێمی بەعس، رێك پێچەوانەکەیەتی، دۆزی کورد زۆر گەورەترە لەو ستەمکارییە، ئەتوانین تەنها ناوی گواستنەوەی لێ بنێین لە قۆناغێکی رەش بۆ قۆناغێکی تەماوی.

ئەوەی لە 2003لە عێراق روویدا زۆرێك لە سیاسییەکانی کوردی تووشی وەهم کرد، هەر لەبەشداری کردنیان لە پێکهێنانی حکومەت تا هێنانە کایەی دەستوورێك بەبیانووی دەربازبوون لەقەیرانەکان، سەیریش لەوەدایە ئەو پرۆسەیان بە فاکتەری رزگاری گەلانی عێراق ناوزەد دەکرد، لە کاتێکدا بە ئیعتیرافی خودی وەزیر دیفاعی ئەمریکا ئەو پرۆسەیەی بە داگیرکاری وەسف دەکرد .

تاکار گەیشتە دەرکردنی چەندین بڕگەو مادەی جۆراوجۆر، دواترینیان مادەی 23 ی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقە کە تایبەتە بە دابەشکردنی پۆستەکانی ئەنجومەنی پارێزگا و ئیدارەی ئەمنیە لە نێوان سەرجەم پێکهاتەکان، کەجۆرێك بوو لەستەمکاری و بێ گەڕانەوە بۆ رای خەڵکی رەسەنی شارەکە و شەقامی کەرکوك و پانتایی دەزگا راگەیاندنەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە .

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە قسەی لەسەر بکەم، دەرکردنی ئەو مادانەن، کە جۆریکی تر بوو لە گەمەو مراودەغەی سیاسی، زیاتر بۆ ئاڵۆزترکردنی قەیرانەکانە، هاوکات ئەتوانم بڵێم دەرکردن و هەڵوەشاندنەوەشی لەبەرژەوەندی حیزبەکانە بەگشتی، بۆ هەیمەنە و دەست بەسەرا گرتنی خێر و بێر و ئیرادەی خەڵکی شارەکە!..

هەڵوەشاندنەوەی مادەکەیش کە حاڵی حازر قسە و باسی لێوە دەکرێت بووەتە جێ شەڕێکی راگەیاند کە لەدوو ئاستدا خوێندنەوەی بۆ دەکرێ، تەنها وەکو موزایەدیەیەکی سیاسی زیاتر هیچی تری لێ نادوورێتەوە، کە زۆرێك لە سیاسییەکان بازاری خۆیانی پێ گەرم کردووە.

ئەوەشی تایبەت بێت بەکورد و نەتەوەکانی تری شارەکە بەگشتی وەکو شەقام، چۆنێتی بەڕێوەبردنی دامودەزگا ئیدارییەکان نییە، بەقەد نارۆشنی چارەنووسی ئایندەی خەڵك، کە لە دڵەراوکێیەکی بەردەوامدان بەدرێژایی مێژووی سەد ساڵی رابردوو، ئاساییە لای خەڵکیش هەرکەسێکی رەسەنی شارەکە لەهەر نەتەوەیەك، جڵەوی دەسەڵات یان دابەشکردنی پۆستەکان لەچوارچێوەی خاڵە جەوهەرییەکانی دیموکراسییەت بگرێتە دەست، کە باشترین بەدیلە بۆ ئێستا.

ئەو شەڕە ئیعلامییەشی کە بەجۆرێك کاری کردۆتە سەر پەیوەندیەکان وەك لەسەرەوە ئاماژەم پێ کردووە لە دوو ئاستدا خۆی دەنوێنێت.